# بەرکولێك بۆ خوێندنەوەی سروشتی قەیرانی متمانەی نێوان خەڵك ودەسڵات؟



نوسینی : تەها سلێمان

لەچەند ووتارو نوسینی تردا، هۆکارو گرفت و ئاستەنگەکانی نەبوونی متمانەی خەڵکم بەدەسڵات و حکومەت و دامو دەزگا جۆراو جۆرەکانی وەك ڕەگەزێکی بنەڕەتی درزی نێوان هەردوو لا هێناوەتە بەرباس. ئەگەر زیاتریش بمانەوەێ ئەم بابەتە خورد و شیتەڵ بکەینەوە، ئەوەمان بۆ ساغ دەبێتەوە کەلە ڕاستیدا چین و توێژەکانی خەڵك لەکۆمەڵگای کوردیدا، بێمتمانەن بە دەسڵات و حکومەت و کۆی ئەو پرۆژانەی کەبەردەوام لەلایەن دەسڵاتی سیاسی و دەسڵاتی حکومەت و بوارە جۆراو جۆرەکانی کارکردنیەوە تەئکیدی لەسەر دەکرێتەوە لەسەر ئاستی سیاسیەوە بیگرە تا دەگاتە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و خزمەتگوزاری جۆراو جۆر. لەم کورتە نوسینەدا ئەوەندەی کەدەمانەوێ قسەیەك لەسەر ڕەوشی سیاسی و پێشهاتەکانی و بەرپرسیارێتی دەسەلاتی سەرکردایەتی سیاسی لەلایەك و دەسڵاتی حکومەتیش لەلایەکی تر بکەین، ئەوەندە بەلای پرۆژەی کاری ئیداری حکومەتدا ناچین و لەشوێنی پێویستدا نەبێ خۆمانی لێ بەدوور دەگرین و تەنێ بەدەوری کێشە گەل و ئاراستە فراوانەکانی بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و خزمەتگوزاری و هتد ناچین، چونکە پێمان وایە تێکەڵەیەکی لەو جۆرەو قسە لەسەر کردنیان نەك ئاسان نیە بەڵکو کات و بواری زۆرتری دەوێ. ئەمەش نە بەو مانایەیی کە ئەو کێشانە قابیلی هەڵوێستە و سەرنجی جیدی نین، بەڵکو بەومانا و ئاراستەیەیی کەبەبڕوای من سیاسەتکردن بەو هەناسە تەسکەی سەرکردایەتی سیاسی کوردی و حکومەتەکەی ، لەگەڵ دەورووبەرو واقیعی تێك ئاڵۆزکاوی عێراق و کوردستاندا ، مانایەك بۆ ئایندەی سیاسی هەرێمی کوردستان و پرۆژە ڕەواکەی ناسەلمێنێ. کاتێکیش لەئاکامی بەپرۆسەکردنی سیاسەتدا و نەبوونی دیدی بابەتیانە بۆ ڕایی کردن و سەلماندنی بوون، قەیرانی بیرکردنەوەو سیاسەتکردن قوڵتر دەبنەوەو تۆش لەهەرەمی دەسڵاتی سیاسی و ئیداری خۆتەوە ، تەنها چاوەنواڕی ئاراستەی قەدەرو ڕووداوەکان دەکەی و چارەنوسی سیاسیشت هەمان ئاراستەی قەدەرو سکێچی ڕووداوەکە دیاری دەکا ، نەك سیاسەتکردنی تۆ، لێرەشەوە ئیتر ناتوانی ببیتە بانگۆی تێکراِی ئەو دەنگانەی کەلەسیاسەتکردن و پرۆسەی کاری سیاسی تۆ ناڕازین. تۆ سیاسەت بۆ

پێشخستنی کۆمەڵگا دەکەی و لەناو کۆمەڵگاشدا ، چین و توێژەکانی خەڵك لەخۆت باشتر وێنەی ڕاستە قینەی تۆ دەبینن، نەك ئەو بەرجەستەیەیی کەتۆ بەردەوام دەتەوێ بەرامەری پێ قەناعەت بکەی. کەواتە تۆ لەبنەڕەتدا دوور کەوتویتەوە لەوەی ئاوێنەی پێچەوانە کردنەوەی ڕای زۆرینەی خەڵك بیت و ئەگەر بتەوێت متمانەی خەڵك بەدەستبێنی پێش هەرشت دەبێت بەم ئاراستەیە کاربکەیت نەك ئاراستەی دوور کەوتنەوە لە خەڵك ، چونکە ئاراستەی دوورکەوتنەوە لەخەڵك درزی بێمتمانەیی نێوان سەرکردایەتی سیاسی و دەسلاّتی سیاسی فراوانترو قەیراناوی تر دەکا. ڕوونتر تۆ هەموو جارێ بۆ قووربانی دان و ئەمەك نواندن بەرامبەر سەرکردایەتی سیاسی و دەسلاّتی سیاسی و حکومەت ، خەڵك ناچاردەکەی یان داوایان لێدەکەی و زۆربەی جاریش بەناڕاستەو خۆ پێیان دەڵێی ڕێزو حورمەت لەحکومەت بنێن و ئەم تەکلیفە فورسەی تۆ لەجارێ زیاتر دووبارە دەبێتەوە ، ئەزموونادنی ئەم پرۆسەیەو کارلەسەر کردنی نەریتێکی کوشندەی ئاراستەی کاری سیاسی سەرکردایەتی دەستڕۆیشتووی کوردی و هاوکات بوەتە پاشخانی ڕەگەزو توخمە بنەڕەتیەکانی پێکهێنانی گووتارو بیرکردنەوەی دەسلاّت و سەرچاوەی بیرکردنەوەی دەسلاّت و کایە جیاجیاکانی و تەوزیفکردنی بەشێوەیەکی عەدەمیانە.

ئەمە شێوەیەکە لە تەقدیسکردن، کەبەدرێژای مێژووی بزووتنەوەی سیاسی کوردی و بەرنامەو نەخشەی کارکردنی ، بوونی هەیە. واتە گوێ نەگرتن لەخەڵك و سەپاندنی بابەت گەلێکی نابابەتی و ناتەندرووست بەسەر دیدو بیرکردنەوەی خەڵك لە هەموو چین و توێژەکان و تەقدیسکردن و حەرامکردنی لەبەردەم گفت و گۆو ڕەتکردنەوەدا، تەنێ کارنامەی ئەمڕۆی سەرکردایەتی دەستڕۆیشتووی کوردی نیە ، بەڵکو تێکەڵەیەکی ناتەندرووستی بیرکردنەوەی مێژووی سەرهەڵدان و جولاّنەوەکەیەتی. بۆیە بە لەبەرچاوگرتنی واقعی رابردووی سەرکردایەتی بزووتنەوەی سیاسی کوردی هاوکات واقیعی کاری سیاسی هەمان بزووتنەوە، کە لەناوەڕۆکدا گوێنەگرتنە لە چین و توێژە جیاجیاکانی خەڵك و سەپاندنی هەژمونی بیرکردنەوەیانە، ئەم ئاراستەیە نابێتە کرانەوەی دەرگا بە رووی بۆچوون و ئاراستە جیاوازەییەکانی دژ بە ئاراستەی بیرکردنەوەی سەرکردەی سیاسی. لە ماوەی ساڵەکانی دوای ڕاپەڕینی 1991یشەوە، چ لە بواری سیاسی و چ لە بواری ئیداریدا، درز و پانتایی نێوان ئەم ئاراستەیە فراوانتر بووەتەوەو وەك لەسەرەوەش هێمامان بۆ کرد، بێمتمانەیی لە نێوان هەمان سەرکردایەتی دەستڕۆشتوو و چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵدا درووستکردووە. دەتوانین روونتر بڵێین لەواقعی ئێستادا بێمتمانەیی چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگا لە بێدەنگییەوە گۆڕاوە بۆ شێوەیەك لە نارەزاییەتی کە ئاستێکی بەرفراوانی بەخۆوە گرتووە و ئاراستەیەکی توندیشی گرتووەتە بەرو لە پێشی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگاشەوە، توێژی گەنجان سەرمەشقی ئەم نارەزایەتییەن. چونکە بیرکردنەوەیەکی وا باوە کە دەسەلاّتی سیاسی و ئیداری دوو دوانەی بەرهەمی بیرکردنەوەی ناتەندرووست و نابابەتی هەمان رێچکەی پێشووی جولاّنەوەی سیاسی دەستڕۆیشتووی کوردستانن. خەڵکیش وەك چۆن ئەوەی بۆ ساغ بۆتەوە، بەبەردەوامی و لە پرۆسەیەکی ناتەندرووستدا گوێی لێ ناگیرێ و تێرناکرێ لە پێویستە سیاسی و رۆشنیری و ئیداری و

ئابووری و کۆمەڵایەتی وخزمەتگوزارییە گشتییەکاندا تا دێ دوورتر دەکەوێتەوەو متمانەی پێیان نامێنێت، بۆیە وەك وتمان و هێمامان بۆ کرد، بێمتمانەیی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بە دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری لەو چوارچێوەیە راناوەستی کە بێدەنگ بێ، بەڵکو دەگۆڕێ بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین کە بێگومان نارەزایەتی دەربڕینیش شێوازی جۆراجۆر هەیە.

لێرەدا دەگەینە ئەو بڕوایەیی کەسرووشتی قەیرانی بێمتمانەیی نێوان چین و توێژەکانی خەڵك و حکومەت بەدەسلاّتی سیاسی و ئیداریشەوە ، سرووشتێکی خۆکرد نیە لەلایەن خەڵکەوە،بەڵکو ئەم قەیرانە ئاکامی ناوەڕۆکی پڕۆژەی کارکردنی جولاّنەوەی سیاسی لەدوێنێ و ئەمڕۆدا لەلایەك و بەدیوەکەی تریشدا ، بەردەوامبوونە لە تەوزیفکردنی هەمان پڕۆژە بەبەردەوامی و گوێنەگرتن لەدرەوەی سەرکردایەتی دەستڕۆیشتووی سیاسی و لەپاڵ ئەمەشدا خەڵك لەهەموو چین و توێژەکان.وەبڕواش وایە بەردەوامبوون لەسەر ئەزموونانی پرۆسەی کاری سیاسی و کردنی بەبنە مای کاری حکومی و ئیداری ، قەیرانەکە قوڵتر دەکاتەوەو لێڵی و ناڕۆشنیەکی مەترسی دار لەسەر ئایندەی سیاسی بەشێوەیەکی گشتی و سەرکردایەتی دەستڕۆیشتووی کوردی بەشێوەیەکی تایبەت درووست دەبێ. ناڕەزایەتیش بەرهەمی سرووشتی ئەو ئاکامەیە و لەهەماکاتدا لەبێئاکامی و بێ ئومێدی و بێمتمانەیی چین و توێژەکانی کۆمەڵگاوەیە بە دەسلاّت بەهەردوو بوارە سەرەکیەکەیەوە، کەتوێژێکی زینووی ناو کۆمەڵیش دەبنە سەرمەشقی ئەم ناڕەزایەتیە و ناشیانەوێ تەنێ لە پێگەیەکی جوگرافی تەسکدا ئەوق بن، وە هەندێ جار دەسلاّت دەیەوێ ، بۆ ئەوەیە کەپێش هەموو شتێ بتوانن ئیرادەی بوون و توانای کارکردن و تەوزیفکردنی بیرۆکەی تەندرووست بەکار ببەن، بەلاّم دیسان ئەمەش مانای ئەوەنیە کەهەموو دەنگێکی ناڕەزایی درووست وابێ ، بەلاّم مەرجێك هەیە بۆ جیاکردنەوەی تەندرووست بوون و ناتەندرووست بوونی ئەم ناڕەزایەتیە و جیاکردنەوەی ڕەش لە سپی ، نەك وەك پیشەی ڕابووردووی ئاراستەی کارکردنی جوولاّنەوەی سیاسی کوردی و ئەزموونی کاری ئیداری ، هەمیشە ئاراستەکانی بەباش و خراپ تێکەڵ کردوەو بۆچوونی درووست و نادرووستی پێکەوە سووتاندوەو خنکاندوە. ئەمە پرسیارێکی ریشەیی درووست دەکا، بەم شێوەیە : ئایا دەسلاّتی سیاسی و ئیداری کوردی دەیەوێ گوێ لەخەڵك بگرێ و ببێتە سەکۆی گفت و گۆ بۆ کۆتایی پێهێنان بە قەیرانی نێوان خۆی و چین و توێژەکانی کۆمەڵگا؟